
شیعر



نیگار نادر

# ژماره ژن



ئەگەر ئەوڕۆ بمرم
بانکەکەم سی هەزار پاوەند و
موبیلەکەم هەشتاونۆ تێکست مەسیج
مەیل بۆکسەکەم پێنج سەد ئیمەیل و
گیرفانم بیست پاوەندو
دڵم
تاقە پیاوێکی تێدایە

ئەز ژنەکم تژی لە ژمارە
ژمارەی سالّ، ژمارەی خۆشەویست
ژمارەی نیشتیمان، ژمارەی تەلەفۆن
ژماری پارە، ژمارەی ماچ
ژمارەی نامە
لەبۆیە تازە بەچ خرِناکرێمەوە

ئەگەر ئەورِۆ بمرم
بانکەکەم سێ هەزار پاوەند و
موبێلەکەم هەشتاونۆ تێکست مەسیج
مەیل بۆکسەکەم پێنج سەد ئیمەیل و
گیرفانم بیست پاوەندو
دلّم
تاقە پیاوێکی تێدایە

هەردەم لەهەر جێیەک
لەسەر هەر پەرِەو دیوارێک
ژمارە هەشت و دوو و پێنج و سێ و
سفرێک بێنە پیش چاوانم
خۆشمدەوێن و
ژمارە تەلەفۆنی تۆم وەبیردەهێننەوە
بە تالّوکە
پەنجەیەکیان دەگەیەنمێ
داخوا دەنگی تۆم نادەنەوە

ئەز کاتژمێرێکم بێ دەرەتان

پتر لەیەک چرکە
لەسەر هیچ پیاوێک بەن نابم و
ڕاناوەستم
لێ بێ ئەژمار بەسەریاندا
دەگەڕێمەوە و دەخولێمەوە

ئەگەر ئەورۆ بمرم
زمانم یەک ملیۆن وشە و
قەندانەکەم سێ کڵۆ شەکر و، بەفرگرەکەم
سەمونێک و جزدانەکەم بیست کارتی ناونیشان و
جانتای شانم ڕۆژمێرێک و
تاقە بتڵێکی ئاو تێدایە

ئەز ژنەکم پێنج ئەستێرە
لە قەرەباڵغیان جمەم دێ
لێ ئەگەر تاقە خۆشەویستێک
لێم وەژوورنەکەوێ
بە بەلاش وەگیردەکەوم

وەسیەتیشم تژیە لە ژمارە
هەر لەسەر کێلی من نا
لەسەر کێلی بارانێش بنووسن
ڕەحمەتی خودان
هەزار دۆست و پەنجا و پێنج خۆشەویست و
دوو سێ مێرد بوو

ئەز ژنەکم تژی لە کلیل
کلیلی کار و، کلیلی ماڵ و کلیلی جانتا و
کلیلی دەرگای نیشتیمان
لێ ئەگەر هەر ئەورۆ بمرم
چەکمەجەکەی بن سەرم ڕاکێشن
سی چل رەچەتە و دوو نەخشە و
جووتێک پاسپۆرت و
تاقە قفڵێکی تێدایە

ئەز ژنەکم یەک کڵاس
لێ ئەودەمەی ئازیزێک
پاڵم وێندا
نرخم دادەبەزێتە سەر سفر

تازە وەبن ژماران کەوتووم
هەموو ڕێسایەکانی ماتماتێک
دەرەقەتی
دابەشکردن و لێکدان و
شیتەڵکردن و
کۆککردنەوەم نایەن و
تێمدا پوچەڵ دەبنەوە.

١/٤/٢٠٠٨ – لەندەن